### یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر عیسام یاسین

# بەهۆی ڕاهێنەرەوە من دوایین یاریزان نابم کە بۆندەکەم هەڵوەشاندەوە و یاریزانی دیکەش بەڕێوەیە

عیسام یاسین یەکێکە لە یاریزانە هەرەباشەکانی عێراق لە هێڵی بەرگری و یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقە، لە وەرزی پارساڵی خولی عێراق باشترین سێیەم یاریزانی هێڵی بەرگری لە عێراق دەستنیشان کرا، عیسام یاسین لە دایکبووی ساڵی ( ١٩٨٧)ی شاری بەغدایە، یاری بۆ یانەکانی کارەبا بۆ دوو ساڵ و سلێمانی و دهۆك و بەغدا و هەولێر ئێستا دووبارە گەڕایەوە یانەی بەغدا دوای ئەوەی بۆندەکەی لەگەڵ یانەی هەولێر هەڵوەشاندەوە، لە هەمان کاتدا یاری بۆ هەڵبژاردەی لاوان و هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق یاری کردووە، دوای ئەوەی بە شێوەیەکی سەیر یاریزانی ناوبراو بۆندی لەگەڵ یانەی هەولێر هەڵوەشاندەوە ئەمەش لە لای جەماوەر زۆر سەیر بوو زۆر کەس لە هۆکاری ئەم کاری یاریزانی ناوبراو دەپرسی، ئێمەش لە فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان بە پێویستمانزانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ یاریزانی عیسام یاسین ئەنجام بدەین.

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی
rebin1985@yahoo.com

یاریزانان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر نییە

*** هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی بۆندەکەت لەگەڵ یانەی هەولێر چی بوو؟**

- چەندین هۆکار هەبوو کە وای لێکردم بۆندەکەم لەگەڵ یانەی هەولێر هەڵبوەشێنمەوە کە لەوانە دابەزینی ئاستم دوای هاتنم بۆ یانەی هەولێر، ئەو ئاستی کە لەگەڵ یانەی هەولێر نیشانمدا بە هیچ شێوەیەك ئاستی ڕاستەقینەم نییە و زۆر نارەحەت بووم لە یانەی هەولێر.

*** ئایا هیچ کێشەیەك هەبوو لەگەڵ ڕاهێنەر سائیر ئەحمەد؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ئەو پلانەی کە ڕاهێنەر سائیر ئەحمەد پەیرەوی دەکرد لە کاتی یارییەکان بۆ من گونجاو نەبوو واتە نەمدەتوانی بەو پلانە یاری بکەم، هەروەها کێشەم لەگەڵ خودی ڕاهێنەر سائیر ئەحمەد هەبوو نەمتوانی تا کۆتایی ساڵ لەگەڵ ئەم ڕاهێنەرە بەردەوام بم.

*** چەندین یاریزان یانەی هەولێر جێدەهێڵین یاخود سزا دەدرێن ئایا هۆکارەکەی ڕاهێنەرە یاخود دەستەی کارگێڕیە یانەی هەولێرە؟**

- دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر مامەڵەیان لەگەڵ گشت یاریزانەکان زۆر باشە و ڕێز لە یاریزانەکان دەگرن بە گشتی یاریزانەکان هیچ کێشەیان لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یانە نییە، بەڵام زۆربەی یاریزانەکانی یانەی هەولێر کێشەیان لەگەڵ ڕاهێنەر هەیە، تا ڕادەیەك پێش ئەوەی بۆند لەگەڵ یانەی هەولێر مۆربکەم چەندین یاریزان منیان ئاگادار کردووە لە ڕاهێنەر سائیر ئەحمەد، بەڵام باوەڕم پێیان نەکرد دواتر کە هاتمە یانەی هەولێر بۆم دەرکەوت کە قسەکانیان هەمووی ڕاستە و زۆر پێم سەیر بوو، من دوایین یاریزان نابم کە بۆندەکەم لەگەڵ یانەی هەولێر هەڵدەوشێنمەوە بەڵکو لە ماوەی داهاتوو چەند یاریزانێکی تر کە کێشەیان لەگەڵ ڕاهێنەر هەیە داوای هەڵوشاندنەوەی بۆندەکانیان دەکەن، چونکە زۆربەیان لە ڕاهێنەر ڕازی نینە.

*** هۆکاری دۆڕاندنی یانەی هەولێر بەرامبەر یانەی کوێت بۆ ڕاهێنەر دەگەڕێتەوە یاخود یاریزانەکان؟**

- ئێمە لەم یارییە لە تۆمارکردنی گۆڵ سەرکەوتوو نەبووین ئەمە تۆپی پێیە بردنەوە و دۆڕاندنی تێدایییە، داوای لێبووردن لە هاندەرانی یانەی هەولێر دەکەم، کەس لەم دۆڕاندنە بەرپرس نییە تەنیا چانس یاوەرمان نەبوو بۆیە تووشی دۆڕان هاتین.

*** ئایا بۆندت لەگەڵ یانەی بەغدا لە بۆندی یانەی هەولێر زیاترە یاخود کەمترە؟**

- بۆندم لەگەڵ یانەی بەغدا بە هەمان بڕە بۆندی یانەی هەولێرە واتە نە کەمترە نە زیاترە.

*** ئایا پێش ئەوەی داوای هەڵوشانەوەی بۆندت لەگەڵ هەولێر بکەی، هیچ پەیوەندیت لەگەڵ یانە بەغدا هەبوو؟**

- نەخێر هیچ پەیوەندیەکم لەگەڵ یانەی بەغدا نەبوو من لە دوا ساتەکان



بۆندم لەگەڵ یانەی بەغدا مۆرکرد دوای ئەوەی پەیوەندییان پێوە کردم و داواییان لێکردم کە یارییان بۆ بکەم منیش رازی بووم، بەڵام پێش هەڵوشاندەنەوەی بۆندەکەم لەگەڵ یانەی هەولێر من لەگەڵ یانەی دهۆك رێکەوتم بەهۆی نزمی برە بۆندەکەم نەچوومە ریزی یانەی دهۆك.

*** چۆن دەڕوانیە یانەی هەولێر؟**

- یانەی هەولێر باشترین یانەیە لە عێراق هەموو یاریزانێك خەون بەوە دەبینێت کە یاری بۆ یانەی هەولێر بکات ئەمە راستییە دەبێ هەموو کەس بزانێت من زۆر خۆشحاڵ بووم کە هاتمە ریزی یانەی هەولێر تا رادەیەك من بە دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێرم راگەیاند کە لەسەر کاغەزی سپی مۆردەکەم، بەڵام کە هاتمە یانەی هەولێر تووشی چەند کێشەیەك بووم لەگەڵ راهێنەر سائیر ئەحمەد بۆیە یانەکەم جێهێشت.

*** چۆن دەڕوانیە راهێنەر سائیر ئەحمەد؟**

- راهێنەر سائیر ئەحمەد یەکێکە لە راهێنەرە بەناوبانگەکانی عێراق و چەندین دەستکەوتی گرنگی بە دەستهێناوە لەگەڵ ئەو یانانەی کە بۆندی لەگەڵ مۆرکردوون، بەڵام گشت یاریزانەکان زۆر لایان سەیرە کە ئەم راهێنەرە بەم شێوەیە گۆڕاوە ئایا هۆکارەکەی لەخۆبایی بوونە یان خۆی بە شتێکی گەورە دەزانێت ئێمەش نازانین هۆکارەکەی چییە.

*** ئایا دەتوانی لەگەڵ یانەی بەغدا ئاستی راستەقینەی خۆت نیشان بدەیت؟**

- پەنا بەخوا ئاستی راستەقینەی عیسام یاسین لە یانەی بەغدا بە دیار دەکەوێ و دەبمە جێگای متمانەی دەستەی کارگێڕی و دەستەی راهێنەرانەی یانەی بەغدا و دەمەوێ بۆ جەماوەری یانەی هەولێریش بسەلمێنم کە ئاستم بەرزە، بەڵام بەهۆی راهێنەر ئاستم خراپ بووە.

*** ئێمە چیمان نەماوە گەر تۆ شتێکت هەبێت بۆ جەماوەری یانەی هەولێر؟**

- زۆر سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر دەکەم کە زۆر یارمەتیان دام و هاوکارییان کردوم سوپاسی هاندەرانی یانەی هەولێر دەکەم چونکە هەموو کات هانی یانەی هەولێریان دا و بۆ یانەکەیان زۆر بە وەفان و تا ئێستا هیچ هاندەری یانەیەك نەگەیشتۆتە هاندەرانی یانەی هەولێر، پەنا بەخوا جارێکی تر دەگەڕێمەوە یانەی هەولێر بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم چونکە یانەی هەولێرم زۆر خۆش دەوێ.



**یانەی هەولێر باشترین یانەیە و هەموو یاریزانێک خەون بە یانەی هەولێر دەبینێ و ئەمەش راستیە دەبێ هەموو خەڵک بیزانێ**



# زۆربەی هەڵبژاردە زلهێزەکانی جیهان





دوای ئـەوەی لە هـەر پێنچ کیشـوەری جیهان یارییەکانی پاڵاوتن بـۆ جامی جیهانی (٢٠١٠) ئەنجامدرا کە لە ئەفریقیای باشوور بەڕێوە دەچێت دوای رکابەرییەکی زۆر تا ئێستا (٢٣) هەڵبژاردە سەرکەوتنیان بۆ جامی جیهانی مسۆگەر کردووە و لە کیشـوەری ئەفریقیا سێ بلیت ماوە و ٦ بلیتی تریش لە یارییەکانی پاشکۆ بە دیار دەکەوێت کامە هەڵبژاردە بۆ جامی جیهانی سەردەکەوێت، ئەمەی خـوارەوەش خوێندنەوەیێك لە یارییەکانی پاڵاوتن لە هەر پێنچ کیشوەر.

## کێشوەری ئەوروپا

لـە کێشـوەری ئەوروپا تا ئێسـتا (٩) هەڵبژاردە سەرکەوتنیان بۆ جامی جیهانی (٢٠١٠) مسۆگەر کردووە، ئەوانیش هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ئەڵمانیا – سویسـرا - هۆڵەندا – ئیتاڵیا – سلۆڤاکیا – سربیا – دانیمارك – ئیسـپانیا – ئینگلتەرە)یە لـەم پاڵەوتنە هەریەك لە هەڵبژاردەکانی سـربیا و سلۆڤاکیا و سویسـرا سـەرکەوتنیان بۆ مۆندیال جێگای سەرسوڕمانی زۆربەی چاودێرانی بواری تۆپـی پێی جیهانی بوو چونکـە ئەم هەڵبژاردانە لەسەر حیسابی چەندین هەڵبژاردەی زلهێزی جیهان سـەرکەوتن بۆ مۆندیال، بە تایبەتی هەڵبژاردەی سلۆڤاکیا کە بۆ یەکەمجارە سەردەکەوێت بۆ مۆندیال، کەچی زۆربەی هەڵبژاردە گەورەکانی تری ئەوروپا مەترسـی سـەرنەکەوتنیان بۆ جامی جیهانییان لێ دەکرێ لە سـەرووی هەموویـان هەڵبژاردەی فەرنسـاییە کە ناچارە یارییەکانی پاشکۆ ئەنجام بدات، سـەرنەکەوتنی هەڵبژاردەیەك وەکو فەرنسا بـۆ مۆندیال دەبێتە شکسـتێکی گەورە بۆ جامی جیهانی داهاتـوو، بە هەمان شـێوە هەڵبژاردەی پورتوگال ئەویش دەبێ یاری پاشـکۆ ئەنجام بدات رەنگە کریستیانۆ رۆناڵدۆ نەگاتە مۆندیال و هەردوو هەڵبژاردەی رووسـیا و یۆنان ئەوانیش یاری پاشکۆ ئەنجـام دەدەن ئەو هەڵبژاردانەی کە یاری پاشـکۆ ئەنجام دەدەن بەم شێوەی خوارەوەیە.

( یۆنـان – رووسـیا – پورتوگال – سـلۆڤینیا – فەرەنسـا – کۆماری ئێرلەندە - بۆسنە و هێرسك – ئۆکرانیـا )، کەچی هەڵبـژاردە بەهێزەکانی تری ئەوروپا وەکو سـوید و تورکیـا و چیك و پۆڵەندە و کرواتیا و رۆمانیا هەر بەشداری مۆندیالی (٢٠١٠) ناکەن دوای ئەوەی نەیانتوانی لە یارییەکانی پاڵاوتن سەرکەون و ئاستێکی یەکجار خراپیان نیشاندا، بۆیە لەم مۆندیالە ئەستێرەی بەناوبانگ یاری ناکات وەکو ئیبراهیمۆڤیچ و مۆتۆ و چەندین ئەسـتێرەی تری ئەوروپا.

## کیشووری ئاسیا

لە کیشووری ئاسـیا وەکو چاوەڕوان دەکرا هەڵبژاردە زلهێزەکانی ئاسیا سەرکەوتنیان بۆ مۆندیال مسۆگەر کردوو بە بێ هیچ کێشەك تەنیا هەڵبژاردەی کۆریای باکوور نەبێت ئەم هەڵبژاردەییە لەسـەر حیسابی دوو هەڵبژاردەی گەورەی ئاسـیا سـەرکەوتووە ئەویش سـعودیە و ئێرانە، ئەو هەڵبژاردانەی کە سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی لە کێشـوری ئاسـیا بەم شێوەی خوارەوەیە.

(کۆریـای باکـوور – کۆریای باشـوور – ژاپۆن – ئوستراليا )

## کێشووری ئەفریقیا

تا ئێسـتا رکابەری لەم کێشوەرە بەردەوامە تەنیا دوو هەڵبژاردەی سەرکەوتنیان بۆ جامی جیهانی مسۆگەر کردوو ئەوانیش هـەر یەك لە هەڵبژاردەکانی ( گانا – کوتدیڤوار (سـاحل ئەلعاج) )،ئەمـەی خوارەوەش خوێندەوەیەك لە کۆمەڵەکانی کیشوەری ئەفریقیا.

### کۆمەڵەی یەکەم


لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی کامیرۆن و گابۆن رکابەری لەسـەر تاکە بلیتی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی (٢٠١٠) دەکەن کاتێك لە (١٤)ی مانگی داهاتـوو دوو یاری چارنووسـازدا ئەنجامدەدرێت کە تیایـدا هەڵبژاردەی کامیـرۆن دەبێتە میوانی هەڵبژاردەی مەغریب و هەڵبژاردەی گابۆن دەبێتە میوانی هەڵبژاردەی تۆگو، هەڵبژاردەی کامیرۆن لە پێشـەنگی ئـەم کۆمەڵەیە بـە کۆکردنەوەی (١٠)خـاڵ و هەڵبژاردەی گابـۆن بە پلەی دووەم دێـت بە کۆکردنەوەی (٩) خاڵ واتە رکابەرییەکی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان هەردوو هەڵبژاردە.

### کۆمەڵەی دووەم

لـەم کۆمەڵەیە رکابەرییەکـی یەکجار بەهێز هەیە لە نێوان هـەردوو هەڵبژاردەی تونـس و نێجیریا، کاتێك تونس لە پێشـەنگی ئەم کۆمەڵەی دێت بە کۆکردنەوەی (١١) خاڵ و هەڵبژاردەی نێجیریا بە پلـەی دووەم دێت بە کۆکردنـەوەی (٩) خاڵ، لە (١٤)ی مانگی داهاتوو هەڵبژاردەی تونس دەبێتە میوانـی مۆزەمبیق لە یارییەکی زۆر قورسـدا و هەڵبژاردەی نێجیریا دەبێتـە میوانی هەڵبژاردەی کینیا کە تا رادەیەك ئەرکی ئاسـانە لەم یارییە و چاوەڕوانی شکسـتی تونس دەبێت بۆ ئەوەی تاکە بلیتی ئەم کۆمەڵەیە بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

### کۆمەڵەی سێیەم

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی جەزائیر و میسر رکابەرییەکی بەهێز دەکەن بۆ رفاندنی تاکە بلیتی ئەم کۆمەڵەیە، هەڵبژاردەی جەزائیر بە پلەی یەکەم دێـت بە کۆکردنەوەی (١٣) خـاڵ و هەڵبژاردەی میسـر لە پلەی دووەم دێت بە کۆکردنەوەی (١٠) خـاڵ، لە (١٤)ی مانگی داهاتـوو هەڵبژاردەی



# سەرکەوتنیان بۆ مۆندیال مسۆگەر کرد

میسر میوانداری جەزائیر دەکات لە یارییەکی چارەنووساز و گرنگ و مێژوویدا، کە تیایید هەڵبژاردەی جەزائیر پێویستی بە بردنەوە بە هەر ئەنجامێك و یەکسان بوون بە هەر ئەنجامێك هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوێ بۆ مۆندیال و هەروەها دۆڕان بە جیاوازی دوو گۆڵ ئەوە سەردەکەوێت بۆ مۆندیال، کەچی هەڵبژاردەی میسر سەرکەوتنی بۆ مۆندیال زۆر قورسە چونکە دەبێ لەم یارییە تەنیا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت و بە جیاوازی (٣) گۆڵ یارییەکە بباتەوە ئێنجا سەردەکەوێت بۆ مۆندیال ئەمەش ئەرکێکی زۆر قورسە بەرامبەر هەڵبژاردەیەك وەکو جەزائیر کە هێڵی بەرگری زۆر بەهێزە.

### کۆمەڵەی چوارەم

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی گانا زۆر بە ئاسانی سەرکەوت بۆ مۆندیال بە بێ ئەوەی هیچ هەڵبژاردەیەك رکابەری بکات لە کۆمەڵەکەی.

### کۆمەڵەی پێنچەم

بە هەمان شێوە هەڵبژاردەی کوتیدیڤوار(ساحیل ئەلعاج) زۆر بە ئاسانی سەرکەوتنی بۆ مۆندیال مسۆگەر کرد بە بێ هیچ رکابەرییەك لەو هەڵبژاردانەی کە لە کۆمەڵەکەی یارییان دەکرد.

### کیشوەری ئەمریکای باشوور

لەم کێشوورە چوار هەڵبژاردە سەرکەوتنیان بۆ مۆندیال مسۆگەر کردووە ئەوانیش هەریەکە لە ( بەرازیل – پارگوای – چیلی - ئەرژنتین) هەڵبژاردەی بەرازیل زۆر بە ئاسانی سەرکەوت بۆ مۆندیال دوای ئەوەی لە زۆربەی یارییەکان توانی بە ئاستێکی بەرز یاری بکات و هەروەها هەڵبژاردەی پاراگوای ئاستێکی بەرزی نیشاندا لەم پاڵاوتنە هەر زوو توانی سەرکەوتن بۆ مۆندیال مسۆگەر بکات ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ هەڵبژاردەی پاراگوای، هەڵبژاردەی چیلی توانی بلیتی سێیەمی جامی جیهانی بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بە پێش هەڵبژاردەکانی ئەرژەنتین و ئۆراگوای و کۆلۆمبیا بکەوێ، کەچی سەرکەوتنی ئەرژنتین بۆ مۆندیال زۆر قورس بوو، بەڵام لە کۆتاییدا مارادۆنا توانی هەڵبژاردەی بگەێنێتە مۆندیال دوای رەخنەیەکی زۆری جەماوەر و رۆژنامەنووسانی ئەرژەنتین لە خراپی ئاستی هەڵبژاردەکەیان لە یارییەکانی پاڵاوتن، بەڵام دەبێ مارادۆنا لە جامی جیهانی چی بۆ هەڵبژاردەکەی بکات.

### کیشوەری ئەمریکای باکوور

لەم کێشورە هەر سێ هەڵبژاردەی (ئەمەریکا – مەکسیك - سلڤادۆر) سەرکەوتنیان بۆ مۆندیال مسۆگەر کرد سەرکەوتنی ئەمەریکا و مەکسیك چاوەڕوانکراو بوو بەهۆی ئاست بەرزی ئەم دوو وڵاتە لە یاری تۆپی پێی، کەچی سەرکەوتنی هەڵبژاردەی سلڤادۆر بۆ مۆندیال جێگای سەرسوومانی چاودێران بوو، چونکە سلڤادۆر سەرکەوتنی بۆ مۆندیال لەسەر حیسابی هەڵبژاردەیەکی بەهێزی وەکو کۆستاریکا بوو کە چەندین یاریزانی بە توانای هەیە، لە هەمان کاتدا ئاستی تۆپی پێی لە سلڤادۆر زۆر بەهێز نییە و هیچ دەستکەوتێکی نییە.

### یارییەکانی پاشکۆ

دوای ئەوەی (٢٣) هەڵبژاردە سەرکەوتنیان بۆ مۆندیال مسۆگەر کردووە، وا بڕیارە لە (١٤-١٨)ی مانگی داهاتوو (٦) یاری گرنگ ئەنجام بەدرێت بە مەبەستی دیاری کردنی شەش هەڵبژاردە کە سەردەکەون بۆ جامی جیهانی (٢٠١٠) لە کیشوەری ئەورووپا هەڵبژاردەکانی (فەرەنسا – پورتوگال – بۆسنە و هێرسك – یۆنان – کۆماری ئێرلەندە - رووسیا – سلۆڤینیا – ئۆکرانیا) رکابەری لەسەر (٤) بلیتی مۆندیال دەکەن، وا بڕیارە ئەمرۆ تیروپشکی یارییەکانی پاشکۆی ئەورووپا ئەنجام بدرێت، لە یارییەکی تردا هەڵبژاردەی نیوزلەندە میوانداری هەڵبژاردەی بەحرێن دەکات کە یاری یەکەم بە یەکسان بوونی هەردوو هەڵبژاردە بە بێ گۆڵ بە کۆتا هات لە وڵاتی بەحرین، بەڵام چاودێران پێشبینی یارییەکی قورس دەکەن، چونکە بەحرێن هەوڵدەدات بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا سەربکەوێ بۆ جامی جیهانی و نیوزلەندە لە نێو یاریگای خۆی نایەوی ئەم هەلە لە دەست خۆی بدات، لە کۆتایی یارییەکانی پاشکۆی مۆندیال هەردوو هەڵبژاردەی کۆستاریکا و ئۆرگوای رووبەرووی یەکتر دەبنەوە لە یارییەکی بەهێزدا، پێشبینی ئەنجامی یارییەکە زۆر زەحمەتە چونکە هەردوو هەڵبژاردە ئاستیان زۆر بەرزە و هەوڵ دەدەن بلیتی کۆتایی مۆندیال بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

### هەڵبژاردە سەرکەوتووەکان بۆ جامی جیهانی تا ئێستا

(ئەفریقیای باشوور – بەرازیل – پاراگوای – چیلی - ئەرژەنتین– ئیسپانیا – ئیتاڵیا – ئەڵمانیا – ئینگلتەرە- سلۆڤاکیا – دانیمارك – سویسرا – هۆڵەندا – سربیا – ئوستralیا – کۆریای باکوور – کۆریای باشوور – ژاپۆن – ئەمریکا – مەکسیك – سلڤادۆر - گانا – کوتیڤوار (ساحل ئەلعاج) ).





## کاپێلۆ:

# درێسی ئینگلتەرە لەبەر دەکەم هیواداریشم ئینگلتەرە لە ئیتالیا بباتەوە

**ئەو کاتەی کاپێلۆ گەیشتە ئینگلتەرە یاریزانەکان متمانەیان بە خۆیانەوە نەمابوو و لەوەش دەترسان لە پێش جەماوەری خۆیان یاری بکەن، بەڵام هاتنی ئەم ئەفسانە وای لە هەموویان کرد کە ئامادەیی یارییەکان بین و لەسەر قاچەکانیان بوەستن بۆ بینی یاریزانەکان لە یارییەکان و بگرە لە مەشقی رۆژانەشیان، کاپیلۆ توانی لە یاریگای خۆی بە ئەنجامی (٥-١) لە کرواتیا بباتەوە دوای ئەوەی کرواتیا لە (٢٠٠٧) لە هەمان یاریگا بە ئەنجامی (٣-٢) یارییەکی بردەوە و لە یۆرۆی (٢٠٠٨) دووری خستەوە، کاپیلۆ زۆر حەزی دەکرد و خەونی بەوە دەدیت کە رۆژێک لە رۆژان ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرە و خەونەکانی هاتە دی و خۆی گەیاندە کۆتاییەکانی مۆندیال و ئەمەش هۆکارێک بوو کە گۆڤاری سوپەر ئەم دیمانەیە لەگەڵدا سازکرد.**



*** هەڵبژاردەی ئینگلتەرەت گەیاندە مۆندیال، ئینگلیزەکان ئێستا باس لەوە دەکەن کە چۆن نازناوەکە ببنەوە، ئایا خەونی ئێستات بە دەستهێنانی نازناوی مۆندیالە؟**

- بە تەئکید خەونی هەموو راهێنەرێکە کە تیپەکەی بگاتە مۆندیال، خەونی یەکەمی من گەیشتن بوو بۆ مۆندیالی باشووری ئەفریقیا و ئەو کاتەی گەیشتینە مۆندیالی خەون بە خەونێکی دیکە دەبینین، ئەو کاتەی من ئەو ئەرکەم وەرگرت ئاواتمان ئەوە بوو بگەینە مۆندیال و ئەمەش روویدا.

*** گەیشتنتان شتێکی سانا بوو کە زۆر کەس وای بۆ دەچوو؟**

- کە گەیشتمە ئینگلتەرە ووتیان جارێکی دیکە کرواتیا لە کۆمەڵەی ئێمەیە و کارەکەمان قورستر دەکات و لە بارێکی دەروونی خەراپ دابوون، من کەش و هەوایەکی وام بۆ رەخساندن کە برِوایان بە توانای خۆیان هەبێ و دەتوانن بە ئاسانی ئەو هەنگاوە ببڕن و منیش متمانەیەکی زۆرم پێیان هەبوو.

*** ئینگلتەرەت گەیاندە مۆندیال دوای ئەوەی بە ئەنجامی (٥-١) لە یاریگای ویمبلی لە کرواتیات بردەوە و سەرەڕای ئەوەی پێنەکەنیت، ئایا هیچ خۆشیەکەت لە یارییەکە دی؟**

- بەڵی زۆر خۆشیم بینی و خۆشحاڵیش بووم، تۆپی پێیەکی جوانمان پێشکەشکرد و زۆر کاتیش پاڵەپەستۆیەکی زۆرمان دەخستە سەر رکابەرەکەمان و رێنماییەکانی منیان پەیرەو کرد، (١٠) رۆژ پێش یاری پێم گوتن.

*** یاریزانانی ئینگلیزی ئەستێرەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپان، ئایا لە هەڵبژاردەش بە هەمان ئاست یاری دەکەن؟**

- ئەمە شتێکی گرنگە، یەکەمین کارم ئەوەبوو

کە متمانەیان بۆ بگەڕێنمەوە کە لە دەستیان دابوو و وای بۆ دەچم کە سەرکەوتوو بووین لەو کارەدا و توانیمان هەنگاوێکی باش بهاوێژین و هێشـتا کاری دیکەمان لە پێشتدایە بۆ بەرەو پێشەچوونی ئاستی تۆپی پێی لەو وڵاتە.

*** دوای مۆندیالـی (١٩٦٦) تا ئێسـتا هیچ مۆندیالیـان نەبردۆتـەوە، ئایـا دەتوانـی ئەم چاوەڕوانیە نەهێڵێت؟**

- بە تەئکید دەزانم بە دەستهێنانی ئەم نازناوە چەند گرنگی هەیە لەوانە دەبێتە باشترین هەڵبژاردە لە جیهان و گشت وڵاتێکیش چاوەڕوانیەتی.

*** خەڵك سەرسـامە کە ئیتاڵیـەك هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بەڕێوە دەبات، بۆ ئەرکی هەڵبژاردەی ئیتاڵیات وەرنەگرت؟**

- هیچ کاتێك ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لە بیرم نەبو، خەونی من ئەوە بوو کە لێرە بم و من حەز لــە ڕووبەڕوو بوونەوە دەکەم، بۆیە لە خەیاڵم نەبوو ببمە ڕاهێنەری ئەزۆری.

*** بە چ شتێکی ئینگلتەرە سەرسامیت؟**

- نازانم بۆ ڕەشـبینن لە ئینگلتەرە یاریزانی زۆر بـاش هەیە و یاریگای جوان و جەماوەری خوێن گەرمی لێ بەدی دەکرێ.

*** چی دەکـەی کە هەردوو هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و ئینگلتـەرە ڕووبـەڕووی یەکـدی دەبنەوە لە مۆندیال؟**

- حـەز دەکەم ئەمە ڕووبـدات و بە تەئکید حەز دەکەم ئینگلتەرە بباتەوە لەبەر ئەوەی من دریێسی ئینگلیزی لەبەر دەکەم.

*** چی دەکەی گەر سروودی نیشتمانی ئینگلتەرە لێدرا کە دەڵێن ( خوا شاژنمان بپارێزێ)؟**

- نەخێر چونکە من ئیتاڵیم، بەڵام ڕێز لە سروودی نیشتمانی وان دەگرم.

*** چ شـتێك لات زۆر گرنگە پێش ئەنجامدانی مۆندیال؟**

- گرنگترین شـت کە چوونـە مۆندیال ئەوەیە دەبێ یاریزانەکانمان لە باشـترین ئاستی توانا و جەسـتەیی لەش دابن، ڕاستە پێشتر ئەو کێشانە هەبوو، بـەڵام هیـوادارم ئەمجارەیـان دووبارە نەبێتەوە.

*** لـە چ یارییـەك وای بـۆ دەچـووی کە یاریزانەکان بە ئەو ئاستە یارییان کردووە کە تۆ داوات لێکردوون؟**

- لە یـاری دژی کرواتیا لـە زەگرب، لەوێ یارییەکی زۆر بەهێزمان ئەنجامدا، هەروەها یاری گەڕانەوەشـمان لەگەڵ کرواتیا لە وێمبلی نابێ ئەوشـمان لەبیر بچێ لە گێمی دووەمی یاری دژی بیلارووسیا، بەڵام من زیاترم لێیان دەوێ.

*** پێوەری سەرکەوتنت لە مۆندیال چۆن دەبێ؟**

- ئەو کاتەی دەگەینە یاری کۆتایی.

*** مۆندیالەکەش بیبەیتەوە؟**

- نەخێـر، هەمـوو ئاواتـم ئەوەیە کـە بتوانین یارییەکی باش پێشکەش بکەین و بەس.

*** کێ گەورەترین ڕکابەرت دەبێ لە باشـووری ئەفریقیا؟**

- جـاری دەبـێ چاوەڕوانی تیروپشـك بین و بەبەردەوامی زۆر هەڵبژاردەی ترسناك لە مۆندیال بەدی دەکرێ لەوانە بەرازیل و ئەڵمانیا و ئیسپانیا و ئەرژەنتیـن و نابێ ئیتاڵیـاش لەبیر بکەین، لەوانەش لە ئەفریقیا هەڵبژاردەی کۆدیڤوار زۆر بەهێزە.

*** چی دەڵێت بەرامبەر دێڤید بێکهام کە ئاواتی ئەوەیە بۆ جاری سـێیەم بەشـداری لە مۆندیال بکات؟**

- دەبێ چـاوەڕوان بیـن بزانیـن دوای چەند مانگێکی دیکە چ ڕوو دەدات و ئێسـتا بێکهام لەگەڵ ئێمە دایە بەرای من یاریزانی باش دەبێ ئاسـتی بەرز بێ لە یاریکردنی بە کۆمەڵ و لە هەموو ساتێك لە مەشقکردن لەگەڵ برادەرەکانی باش بێت.

*** ئێستا لە ئەمەریکا یاری دەکات و لە مانگی (١١) وەرزی ئەمسـاڵی ئەمەریکا تەواو دەبێت، ئایا پێویستی ئەوە ناکات لە خولی ئەوروپا یاری بکات بۆ ئەوەی شـوێنی خۆی لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکاتەوە؟**

- بەڵێ، بەخۆشـی ئەم ڕاسـتییە باش دەزانێت و ئەمەش دەبێتە کێشـەیەك بـۆ خودی بێکهام، بەڵام من بە بەردەوامـی تەئکید لەوە دەکەمەوە دەبێ بێکهام لە خولی ئەوروپا یاری بکات گەر دیەوێ بچێتە مۆندیالی باشووری ئەفریقیا.

*** چۆن کێشـەی لێدانی یەکلاکەرەوەی سـزا چارەسەر دەکەی کە ئینگلتەرە لە مۆندیالەکانی (١٩٩٠-١٩٩٨-٢٠٠٦) بەهـۆی لێدانـی یەکلاکەرەوەی سزا ماڵئاوایی کرد هەروەهاش لە یۆرۆی (١٩٩٦-٢٠٠٤) دووبارە بۆوە؟**

- ئێمە زۆر کارمان لەسـەر ئەوە کردووە و دەتوانم بڵێم ڕۆژانە مەشقی لەسەر دەکەین و یاریزانەکان زۆرترین جار گۆڵ تۆمار دەکەن ئێستاش کاتێکی باشمان ماوە کە دەست نیشانی یاریزان بکەین بۆ ئەم کارە.

*** چی دەڵێت بەرامبەر واین ڕۆنی کە کێشـەی هەڵچوونی زۆرە و هەموومان لەبیرمانە کە چۆن لە مۆندیالی (٢٠٠٦) دەرکرا بووە هۆی ئەوەی ئینگلتەرە نەگاتە قۆناغی پێش کۆتایی؟**

- ئەمە کێشە نییە ڕۆنی لەگەڵ مندایە، ئەوەی من بزانم یەکجار دەرکراوە ئەویش بەهۆی یاری توندوتیژی بووە و دوای ئەمەش بەشێوەیەکی ڕێك و پێك یاریکردووە.

*** ڕۆنی لەگەڵ تۆ بە شێوەیەکی باش یاری دەکات و لە ساڵی یەکەم لەژێر سەرپەرشتی تۆ (١٠) گۆڵی تۆمار کردووە چۆن دەتوانی زیاتر پێشکەش بکات؟**

- ڕۆنـی یاریزانێکی بە توانا و ئاسـت بەرز و ئەمەن بچووکـە دەتوانێ بەهـۆی ئەزموون و متمانە بەخۆی ئاسـتی بەرزبێت و ئەمەش وای لێدەکات کە گۆڵ زۆر تۆمار بکات و بڕواشم وایە کە دەتوانێ هەموو شتێك بکات بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری سەرکەوتنی تیپەکەی و ئاستی بەرزی هونەری ئەم یاریزانە دەبێتە ڕێگە خۆشکەرێك کە نازناوی باشترین یاریزان لە مۆندیال وەربگرێ.

*** دەکـرێ بزانین ئەم یاریزانـە بە چ یاریزانێك دەچێت کە پێشتر مەشقت پێ دابێت؟**

- ڕائوولـی ئیسـپانیام بە بیـر دەهێنێتەوە کە هەردووکیان شێوازی یاریکردنیان بە یەك دەچێ و هەردووکیان یاریزانی مەزنن.

*** لە مۆندیالـی کیشـوەرەکان هەڵبژاردەکانی بەرازیل و ئیسـپانیات بینی، ئایا ترسـت لێیان هەیە؟**

- زۆر شـت هەیە نیگەرانم دەکات و زۆر شتیش هەیە ئەوان نیگەران دەکات و هەریەکە و کێشەی خۆی هەیە، هەریەکە بۆ بردنەوەی یاری دەکات دەبێ باشـیش بزانین ڕکابەرەکانمان زۆر بەهێز و گرنگن.

